# پیاچوونەوەیەک بە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی دا «بەرگی دووەم»

« عوسمان هەورامی »

کتێبی ناوبراو لە ئامادەکردن و ڕێکخستن‌و لەسەر نووسینی ماموٚستا ( محەمەد عەلی قەرەداغی ) یە ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕوٚشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی 1982 ـ 256 لاپەڕەی ناوەنجی گرتوٚتە خوٚی ...
بەڕاستی ماموٚستای ناوبراو زوٚر باش چاکی لێ‌کردوە بەلاداو زوٚر دلسوٚزانە خەریکی ساخکردنەوەی ئەو دەستنووس‌و کەشکوٚلانەیە کە کەوتوونەتە بەردەستی ، بوٚ ئەم بەرنامەیەشی من بوٚ خوٚم زوٚر دەستی ڕێزی بوٚ ئەگرم بە سنگەوە .

بێ گومان لەم بوارەداو لەپێناوی ساخکردنەوەو زیندووکردنەوەی کەلەپووری زوٚر دەوڵەمەندو چاخی کوردیدا هەست بە کوٚشش‌و تەقەلاو ماندووبوون بێ ئەندازە ئەکرێ زوٚرتریش هەر لەبەر ئەوەیە هێشتا لە یەکەم هەنگاودا‌ین‌و سەرچاوەی یەك لاو یەککگرتووی بێ جیاوازیمان لەبەر دەستا نییە ... بەڕای من باشترین چارەش لەوەدایە کە ڕەنج‌و ئەرکی هەموو پسپوٚڕانی ئەم بوارە یەك کەوێ‌و یەك بگرێ‌و لەسەر خوٚو بێ پەلە بە هەموویان ئەم کارە ساخ بکەنەوەو پشت بەو سەرچاوەو کەشکوٚڵ‌و دەستنووسانەی لەبەر دەستیانان بگەنە ئەنجامێکی باشترو دروستتر کەتا دێرین ڕوٚژگاری کاری کاریگەری بەردەوام بێ ... من بەش بەحاڵی خوٚم لە هەموو کات‌و شوێنێکا ئامادەبووم‌و ئامادەم بوٚ ڕاپەڕاندنی ئەم بەرنامەیەو پێشکەش‌کردنی هەموو توانایەکم ...

منیش لەم بوارە بەرینەدا ، ئەزموونیکی زوٚرو ، تایبەتیم هەیە و چەندان بەرهەمی کەلەپووریم کوٚکردوونەتەوە و ، بەینا و بەینیش لە ڕوٚژنامە و گوٚڤارە کوردییەکانا هەندێکم لێ بڵاوکردوونەتەوە ؛ وە لەبەر ئەوەی زوٚربەی ناوەڕوٚکی ئەم کەشکوٚڵە چاپکراوەش بریتییە لە شێوەی گوٚران-هەورامی ، کە شێوە زاری زگاکی خوٚمە و کەمێك لەگەڵ ئەم شێوەیەدا ئاشنایی ئەدەبیم هەیە ، بە پێویست و ئەرکی سەر شانی خوٚمم زانی لە پێناوی خزمەتکردنی وشەی کوردیدا هەندێ تێبینی و سەرنج توٚماربکەم ؛ زوٚریش دڵنیام ، کە ئەگەر ماموٚستا محەمەد عەلی زوٚرتر شارەزای شێوەی گوٚران بوایەو بیتوانایە پێی بدوێ‌و گفتوگوٚ بکات ، کارەکەی کارامەتر ئەبوو ...

ل 46 ـ

**عیشق کردمی بێ خان و مان**
**بێ ... ملك و (مالم) عیشقم ئەز**
**طاقەت نەما لاڵ بوو زوبان**
**قامەت (هیلالم) عیشقم ئەز**

ئەبوایە ئاماژە ـ ئیشارەت ـ ی ڕاستکردنەوەی بەم چەشنە بکرایە : بێ ملك‌و (ماڵی) عیشقم ئەز .... قامەت (هیلالی) عیشقمئەز .

ل 52 : دیارە واتای وشەی [کوانوا] ساخ نەکراوەتەوە ، بۆیە لە کەوانەدایە .... وشەی (کوان) لە موکریدا بە واتای دوومەل ، (برین) دێ ، ئەشبوایە بنووسرایە (کوان) و دەردە ....

ل 75 : (سوورچی) یان (نێزێکیان) بۆ هێنا ...

لە پەراوێزا نووسراوە ، هەڵیش دەگرێت (نەیرەنگیان) بێت .... ئیتر ڕوون نەکراوەتەوە نەیرەنگیان چ واتایەك ئەبەخشێ ... بە لای منەوە ڕاستیی ئەم وشەیە بەم چەشنەیە [ ئێزێکیان ، هێزێکیان ] ؛ بۆ وێنە ، ئێستاش لە ناوچەی پشدەرو مەنگوڕدا ، زۆر جار ئەڵێن [ئاسان ، هاسان] ، [هی من ، ئی من] ، ئەونییە ، هەونییە .... ]

ل 76 : شازادە (دپشی) کرا ... لە پەراوێزایشا نووسراوە . ئەم کەلیمەیشم بۆ نەخوێنرایەوە ، وەك خۆی ڕوونووسم کرد ... ڕاستیی وشەی (دپشی) بەم چەشنەیە [ دەپێشێ ] یا [ دەپێش ] دەپێش کرا ، واتە پێش کەوت ، یا پێش خرا ...

ل 83 : هەر گوناهم کرد بە (خۆ) ، لەجیاتی وشەی (خۆ) (خوو) ڕاستترە ، واتە پیشەم هەر گوناه بوو ؛ بەم چەشنەش واتاکەی بەهێزترە ... لەجیاتی وشەی (تۆ) ، ئەشێ وشەی (توو) کە هەر هەمان واتای هەیە ، بەکاربێ ؛ سەرەڕای ئەوەی لە شێوەی موکریدا ، وائەوترێ ، بۆ سەرواى هۆنراوەکەش وا دروستترە ....

ل 95 : دوو بۆشایی لە ژێر ژمارە [3،2] دا ، ماونەتەوەو لە پەراوێزا ڕوونکراوەتەوە کە [ ئەمەیش بەر بەشی مشك خواردوو کەوتووە ] ..... لە دیوانی وەلی دێوانەدا ، کە لە 1976 دا چاپ کراوە ، لە لاپەڕە [105] دا باسی دەسنووسێکی لای مامۆستای پایە بەرز ( شێخ محەممەدی خاڵ ) م بەم چەشنەی خوارەوە کردووە : ـ [ ئەم دەسنووسە لە سلێمانی ، لە کاتی هەڵوەشاندنی خانوویەکی کۆنا ، لەناو پایەیەکدا دۆزراوەتەوە ؛ لە پەراوێزی لاپەڕە (52) دا ئەم ڕستەیە نووسراوە ( تأریخ عبدالقادر پسر خضر چاوش سنه 1245 ، جا بۆم ساخنەبووەوە چەند ساڵ لەوەو پێش دەسنووسەکە نووسرا وەتەوە ...... ] لەم دەسنووسەدا دەقی ئەم دوو ناتەواوییە بەم چەشنەیە ؛یەکەمیان : ـ

**جَلِيُّ الاحسان ، خفي الألطاف**
**ساتر العيوب ، جە قاف تا بە قاف**

« ئەشکرێ لەجیاتی ساتر ، ستار ، دروستتربێ » دووەمیان : ـ

**جە شکۆی دیوان شديد العقاب**
**چوون دڵ بە ئایر جە[illegible]ن کەباب**

**هەردەم مەواچوون بێ پەردەو حیجاب**
**جيلي الاحسان ، سیرپۆش ستار**
**( اخفظني بالفضل من عذاب النار )**

ل 96 : دێڕی ـ 3 ـ وشەی ، پشت ، شێوە زاری هەورامییەکەی بەم چەشنەیە : (پەشت) ...

ل 97 : دێڕی یەکەم ، بە هەمان دەستوور ، وشەی (بێو) ، بەم چەشنەیە : (بەیۆ)

ل 101 : دێڕی ـ 9 ـ کێشەکەی تەواو نییە ، ئەگەر لە پەراوێزا بنووسرایە ، ئەبێ لەپێش وشەی (منیان) ببێتی (کە) بنووسرێ ، نەك (منیان) ، تێبینییەکە لە جێی خۆیا ئەبوو ...

ل 101 : دێڕی (10) ، نووسراوە : مازۆ [ بمشارو ! ] مازۆ : ناهێڵێ ـ ناشکرێ بەم چەشنە بێ ، چونکە ڕووی لالانەوەی شاعیر لە

یەزدانی گەورەیە بۆیە (مازە) ڕاستە ، بە واتای مەهێلە ... وشەی [ بمشارو ] واتای نییە ، دیارە مامۆستای نووسەریش بۆیە خستوویەتە کەوانەوە و نیشانەی سەرسڕمانی بۆ داناوە ، واتاکەی بۆ ساخ نەکراوەتەوە ؛ ... بەڵێ ئەم وشەیە لە ـەسنووسەکەدا ، یا بە هەڵە نووسراوە ، یا کاری ڕۆژگار

شێوەی شێواندووە ؛ جا ڕاستیی ئەم وشەیە بەم چەشنەیە [ بفشارۆم ] بە واتای (بمگوشێ) ؛ وتراویشە (گۆڕەوشار) ـ(گۆڕئەفشار) ..جا ئەم تاکە بەم چەشنەی لێدێ

**سێیەم (کە) منیان من نە قەبر تەنگ**
**(مازە) (بفشارۆم) قەبر سیا سەنگ**
**[ مازە بفشارۆم ] مەهێڵە بمگوشێ ...**

ل 106 : دێڕی ـ (2) ـ [ ئەلماس دیدەت (وەنەی) تیرخار ] ، [ وەنەی : بە دەزووی ] ، لێرەشا واتا و مەبەست نادات بەدەستەوە ، ڕاستیی ئەم وشەیە بەم چەشنەیە [وێنە] دێڕی ـ 5 ـ ئەم وشەیە [بتو!] کە خراوەتە کەوانەوە ، بێگومان نووسەری کەشکۆڵەکە یا گومانی لێی هەبووەیا بۆی ساخ نەبووەتەوە ... ئەم وشەیەش بەم چەشنەیە [بێتۆ] ، جا واتای ئەم تاکە ڕوون ئەبێ و بەم چەشنەیە :[بێ سوودەن دنیا [بێتۆ] ، ژیانم ]

دێڕی ـ 17 ـ :

وشەی [بکیانۆ] بە واتای بنێرێ ؛ لە کاتێکا شاعیر ڕووی وتەی لەنازدارەکەیەتی ، چۆن وەکو نادیار ئەیدوێنێ ؛ ئەبێ ئەم وشەیە بەم چەشنەبێ : [بکیانە] بە واتای بنێرە ... خۆ ئەگەر بڵێین [بکیانۆ] بەواتای بنێرەرەوە ، یا دووبارە بنێرە ، ئەمەیان لێرەدا لە ئارادا نییە ...

ل 107 : دێڕی ـ 2 ـ (نەماندەن) تاقەت ؛ ڕاستیی وشەی [نەماندەن] [نەمەندەن] ە ...

دێڕی ـ 5 ـ : ناو کەوانەکە بەم چەشنەیە : [ جزر بی تشی ! ]

واتا نابەخشێ و لە پەراوێزیشا هیچ ئاماژەی بۆ نەکراوە ...

دێڕی ـ 7 ـ :

ناو کەوانەکە [ کیش وردم راز! ] ئەمیش واتای ڕوونی نییە و لە پەراوێزیشا ئاماژەی بۆ نەکراوە ...

لە هەمان دێڕا (وەنی) نار ؛ ئەبێ وشەی (وەنی) (وێنەی) بێ .

دێڕی ـ 10 ـ :

[ ڕوو کەرد ] بۆ کەسێکی نادیار ئەبێ ، بەڵام کە شاعیر باسی خۆی ئەکات ئەبێ بنووسرێ [ ڕووم کەرد ] : ڕووم کردە ... [ ماوی گەرمەسێر ] ماوای گەرمەسێرە و ئەکرێ چاپ وای لێ کردبێ ...

پەراوێزی ل 107 :

نووسەر وای بۆ چووە ئەوەی باو بێ (پۆڵ) بۆ باڵندە بەکاردێت ؛ ڕاستە وشەی پۆل بۆ باڵندەش بەکاردێت ، لە هەمان کاتیشا بۆ پۆلی ئاسك ، دەستە و تاقمی ئاسك بەکار هێزاوە ؛ دووریش نەڕوێن ، هەر لە هەمان کتێبا و لە ( ل 124 ) دا ، لە دێڕی یەکەمدا هەمان وشە بە هەمان واتا بەرچاو ئەکەوێ ، کە بەم چەشنەیە :

**ڕاسی خەط کەردم چی خاڵ خاسانە**
**جەی (پۆل) ڕەوێڵ مودبیر ماسانە**

نموونەی ئەمەش زۆرەو لێرەدا ئەمە بەسە ....

ل 108 : دێڕی (5،4)

**من جەو دما دەست (بەرد پای) تفەنگ**
**بێ هەناسە بیم (وەنەی) (سیای) سەنگ**

ئەگەر بڵێین ئەمە شێوەی ( هەورامی ـ گۆران ) ە ئەبێ بەم چەشنە بێ : ـ

**من جەو دما دەست (بەردم پەی) تفەنگ**
**بێ هەناسەبیم (وێنەی) (سیا) سەنگ**

ئەگەر شێوەیەکی تر بێ ، شتێکی ترە ... ل 125 ـ دێڕی 3 :

**[ زوڵف هەفت لەشکەر رای دەشت (ڕێگر) ]**

لە پەراوێزی ژمارە (2) ی هەمان لاپەڕەدا ئاماژەکراوە ، کە لە کەشکۆڵی ( مەلا فەتاحی کاگردەڵی ) دا بەم چەشنە نووسراوە

**زوڵف هەفت لەشکەر (ڕوی دەشت هرکر ! )**

لێرەدا ووشەی (ڕێگر) واتای ئەم تاکەی شێوندووەو مەبەست نادات بە دەستەوە ، ڕاستیی ئەم ووشەیە بەم چەشنەیە

(ڕەیکەر) . خۆ ئەگەر سەرنجی لاپەڕە (131) ی کتێبەکە بەین لە دێڕی سێیەمدا کە هۆنراوەی هەمان شاعیرە زۆرتر ئەمەمان بۆ ساخ ئەبێتەوە کە بەم چەشنە نووسراوە : [ تیپ تیپ چوون تیپ هەفت لەشکرانە «ڕەی» ] هەروەها ئەبوایە لە ل (125) دا دێڕی چوارەم لە جیاتی ووشەی (نەیکەر) بنووسرایە (نەیکەر) ....

ل 126 : لە پەراوێزدا دێڕی — 5 —[ کەرد بۆش ] ئەبێ بنووسرێ [ کەرد بوەش] بە واتای بۆنیکرد ...

ل 128 : ـ دێڕی — 3 — ( مژە نێو ڕەنگت ) ، سەروا دووبارەیە ، لە جیاتی ووشەی (ڕەنگت) (زەنگت) ڕاستە ئەشکرێ ئەمە بەسەر چاپدا تێپەڕ بووبێ ...

ل ـ 130 : دێڕی — 6 — « مەکان گەرتەبی » ، ( مەکان گرتەبێ ) ڕاستترە ....

**ل 131 : ئەم هۆنراوەیە لە دەسنووسێکی زۆر جوان و ڕێك وپێکی ( مام ڕەشید هەمەوەند ) ە کە ئێستە لە لامە زۆرباش تۆمارکراوە ، ئەم هۆنراوەیە لەگەڵ هۆنراوەی دەقی کتێبەکەدا جیاوازیی زۆرە بۆ وێنە ، تاکی دووەمی کتێبەکە بەم چەشنەیە :**

**تیپ تیپ چون تیپ هەفت لەشکر نەرەی**
**بێخ ریشەی گوڵ عومرم کەردم طەی**

**بەڵام لە دەسنووسەکەی لای منا بەم چەشنەیە :**

**تیپی حەی چوون فەوج هەفت لەشکەری ڕەی**
**بێخ و بنچینەی هۆشم کەردەن پەی**

**لە بەراوردکردنی هەردوو تاکەکەدا دەرئەکەوێ کە واتای دووەم بە هێزترە ....**

دێڕی (8) [ مایەی شەهدیوەر! ] کە دیارە ساخ نەکراوەتەوە لای من بەم چەشنەیەو واتای تەواویش ئەبەخشێ [ دمای شەهریوەر ] دێڕی (10) : (16). ص 42

**[ ئاوەرد نە خەیاڵ « من لوام نە پەی » ]**

لای من بەم چەشنەیە :

**[ ئاوەرد نە خەیاڵ « سەیری باخچەی بەی » ]**

واتە دڵ کەوتە خەیاڵی سەیری باخچەی بەی ، دیارە بەم چەشنە واتاکە ڕوونترو باشترەو هۆنراوەکەش بە هێزترە ...

ئەم تێبینییە بچکۆڵەیە ئەوەمان یاد ئەخاتەوە کە یەکخستنی ڕەنجی شارەزایانی ئەم بوارە بەرینە ئەرکێکی زۆر پێویستە بۆ ساخکردنەوەی کەلەپوورەکەمان ... هەرچی زۆرتریش باشتر ...

ل 132 ـ دێڕی ـ 17 : ووشەی [بینو] کە هەروا تۆمارکراوەو خراوەتە کەوانەوە واتایەك نابەخشێ و ساخیش نەکراوەتەوە ڕاستییەکەی بەم چەشنەیە [بنیۆ] بەواتای (بنێتە ، بخاتە) ...

ل 139 دێڕی ـ 19 : [ وەس شۆ (تەفەککور) ئینتیظاری بەی ] ڕاستیی وشەی (تەفەککور) بەم چەشنەیە [تەفیکر]

ل 150 ـ دێڕی ـ 5 : ـ [ مەرقاتر (بزای) کێکف بگرێ بەر ] ووشەی (بزای) واتا نادا بە دەستەوە . لە ناوەڕۆکی ئەم دێڕەدا دەرئەکەوێ کە ئەشێ ئەم ووشەیە یا (بەڕای) بێ بەواتای (بۆ ڕێی) یا (بەڕای) بێ بەواتای (بۆ) ...

دێڕی ـ 11 : [ « بووڕەی کولەگاو ئامین » نەگۆشم ] ڕاستییەکەی بەم چەشنەیە : [ « بۆڕەی کەڵەگاو ئامان » نەگۆشم ] بەواتای بۆڕەی کەڵەگا دێتە ـ هاتە ـ گوێم ئەبیستم

ل 151 ، دێڕی ـ 17 : ووشەی [ دەسەر زانی ] لام وایە ئەمە هەڵەیەکی بچکۆڵەی چاپە ، بەڵام واتای تاکەکەی زۆر شێواندووە ئەبوایە بەم چەشنە بوایە [ دەسەزرانی ] بەواتای دەست بە ئەژنۆ ...

ل 153 ـ لە پەراوێزا ئەم تێبینییە بەرچاو ئەکەوێ : [ زۆر لەم شیعرانە ماناکانیان ڕوون نییەو منیش وەك دەسخەتەکە نووسیومن ] ... جا نازانم نووسەری کەشکۆڵەکە مەبەستی سەبارەت بەخۆیەتی یا خوێنەر ، جا مەبەستی هەر لایەك بێ ئەتوانم بڵێم ئەو لاپەڕەیەی ئەو ئاماژەی کردووە لەچاو زۆر لاپەڕەی ترو هۆنراوەی تری کەشکۆڵەکەدا واتاکەی سووك و ئاسانترە ...

ل 154 ـ دێڕی — 1 — [ قیبلەم کێ نازۆ ] ئەبوای بەم چەشنە تۆماربکرایە : [ قیبلە کێ نازۆ .... ] واتە ئەم بڕگەیە دووبارە ئەبێتەوە هەروەك هۆنراوەکەی بەرانبەری لە ل (155) دا ... ووشەی (نازۆ) بۆکەسی نادیار ئەبێ بەواتای (بنازێ ـ نازبکات) . ئەبوایە بنووسرایە (نازوو) بە واتای (بنازم ، نازبکەم ) چونکە شاعیر مەبەستی لە خۆیەتی و خۆی بگۆیە ... ئەمەش سەروای سێ دێڕەکەی دواییش ئەگرێتەوە ...دێڕی — 5 — : (کێ بیو) ئەبێ بنووسرێ (کێ بەیۆ) ...

دێڕی ـ 6 : [ کێ کەرۆ گوشاد زوانی (ستەم) ؟ ] واتە کێ زمانی (ستەم) بەر بدات ؟! ئەم واتایەش ناگونجێ ... لە جیاتی

ستەم) ووشەی (بەستەم) ڕاستەو واتاکەشی بەم چەشنەیە :
ئەی زمانی بەستراوم بەربدات و گۆبکات !!. دێڕی ـ 9 : « غەیر حەتۆ نەشتەر [ دوو وەطەن کەسم ! ] ... » دیارە ووشەکانی ئەو نەکە لە گەڵ نیشانەی سەرسڕمانا ئەوە دەرئەخەن خوێندنەوەو واتایان ساخ نەبووەتەوە . ڕاستکردنەوەی ئەم نیوە ئەکە بەم چەشنەیە :

**[ غەیر جەتۆ نەشتەر دۆ ، وە ، تەن ، کەسم ]**

واتە : کەسەکەم ، بێجگە لە تۆ کێ هەیە نەشتەرکاریی لەشی بیمارم بکات !!.

ل ـ 155 لە پەراوێزا نووسەر ئەم تێبینییەی تۆمارکردووە :

... نازانم شیعری کێیە . ئەوەندە هەیە بەیتی سێهەمی شیعری (بێسارانی) یەو لە دیوانی ( مەولەویشدا هەیە ) ... ئەبوایە بنووسرایە لە کام لاپەڕەی دیوانی مەولەویدا ئەم شیعرە هەیە ، چونکە بەڕاستی بۆ خوێنەرکارێکی سەختەو کاتی زۆری ئەوێ تا بیدۆزێتەوە ... بەڵێ ئەم تاکە شیعرە لە دیوانی مەولەویدا لە لاپەڕە (300) دا تۆمارکراوەو ئاماژە نەکراوە کە هی (بێسارانی) یە ... لێرەدا کە ناوی بێسارانی هاتەکایەوە بە پێویستی ئەزانم لاپەڕە [ 225 — 226 ] بەسەر بکەمەوە ... کاکی نووسەر لەوێدا تۆماری کردووە کە لە نزیکەوە ئاگادارە ماموٚستای بەڕێز مەلا عبدالکریم مدرس بە هیوایە دیوانی بێسارانی چاپ بکات ... بەڵێ لە پاییزی (1975) دا دیوانی بیسارانی کە زوربەیم لەبەر دەسنووسی ماموٚستای پایە بەرز سەید طاهری هاشمی نووسیوەتەوە بە ئامادەکراوی دامەلای کاك محمدی مەلا کریم بەو هیوایەی بەڕەنجی ماموٚستا مەلا عبدالکریم و کاك محمدو من بگاتە بەردەستی خوێنەری بەڕێز ، دوای ئەوەش هەرچی هۆنراوەی بێسارانیم بەدەست کەوتبن داومن بە کاك محمد جا ئەگەر نووسەر لە نزیکەوە سەیرێکی دیوانە دەسنووسەکەی بێسارانی بکردایە کە لای کاك محمدە لە ڕیزی پیتی (چ) دا ئەم هۆنراوەیەی بەرچاو ئەکەوت . لە دەسنووسەکەی خۆما لە لاپەرە (82) دا ژمارە (33) ی دراوەتێ لە بەراوردکردنی هەردوو نوسخەکەشا ـ کتێبەکەو دەسنووسەکە ـ جیاوازیی زۆر هەیە ...

ل 155 دێڕی 9 ، 10 کە لە دەسنووسەکەی منا ئەم تاکەم نی‌یە ، ووشە [ ڕاسەن واچان ] بەواتا [ ڕاستە بڵێن ] ئەگەر بەم چەشنە بێ سەرەڕای ئەوەی سەرواش لەنگ ئەبێ واتاکەشی ناتەواو ئەبێ . ڕاستکردنەوەشی بەم چەشنەیە [ ڕاسەن واچیان ] واتە [ ڕاستە وتراوە ] ... ووشەی [مردوو] بە شێوەی گۆران ئەبێ بنووسرێ [مەردە] ... من هۆنراوەیەکی (شێخ یەحیا) ناوێکم لایە لە تاکێکیا ئەڵێ :

**خاسش فەرماوان مەولای بێساران**
**مەردەو دوور وەتەن یەك شێوە داران**

ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر ڕوونە کە هۆنراوەکە هی بێسارانی‌یە
ل 156 هۆنراوەی [ جە بێساران ماڵ ... ] بە ناوی (یوسف) ناوێکەوە تۆمارکراوە ... لە هەمان دەسنووسەکەی بەڕێز ماموٚستا شێخ محمدی خاڵدا کە لە خاڵی [ل 95] دا ئاماژەم کردووە ئەم هۆنراوەیە بە ناوی (بێسارانی) یەوە تۆمارکراوەو دوا دێڕی بەم چەشنەیە :

**مستەفا وادەی هەزارو ئەندەن**
**جەپیر باباشێخ هیممەت نەمەندەن**

وەك نووسەریش لە پەراوێزا نووسیویەتی [ بە گوێرەی پارچە شیعری دوایی دەبێ شیعری یوسف ناوێك بێت ... جێی سەرنجە کە ناوی یوسف لە دوا دێڕی هۆنراوەکەدا نی‌یە !!. وەك تۆماریش کراوە نووسراوەکە لە دەسخەتی (1267) وەرگیراوە واتە ئەوەی لای ماموٚستا خاڵ دێرینترە . لە گەڵ ئەوەشا جیاوازیی زۆر هەیە لەمیانەی هەردوو هۆنراوەکەدا ...

دێڕی — 4 — (نەگەرتت) ئەبێ بنووسرێ (نەگرتت) .

ل 159 ـ 160 : لە دەسنووسەکەی ماموٚستا شێخ محمدی خاڵدا ئەم هۆنراوەیەش بە ناوی (بێسارانی) یەوە تۆمارکراوە ...

ل 16 دێڕی 4 : [ یەسای (گیانەن) یاوان بەو جەمیونۆ] ڕاستیی ووشەی (گیانەن) بەم چەشنەیە (کێیانەن واتای ئەم نیوە دێڕەش بەم چەشنە ئەبێ : تارمایی کامیانە کاری کردووەتە ئەو ڕوخسارەو پێکاویەتی .

ل 166 دێڕی 13 نووسراوە :

**( صالح مەترسە دڵداره قایم )**

ئەبێ بەم چەشنە بنووسرێ :

**[ صالح (مەتەرسە) ، (دل) ، (دارە) ، قایم ]**

دل دارە قایم : با دڵت قایم بێ

دێڕی 18 : وەك نووسراوە ووشەی (مەكێشە) واتای هۆنراوەكە ئاوەژوو ئەكات بۆیە ئەبوایە بنووسرایە (بكێشە) .

ل 169 دێڕی 10 : [ یانەی دەروونش ] واتە [ خانەی دەروونی ] ڕاستییەكەی بەم چەشنەیە [ یانەی دەروونت ] چونكە ڕووی وتەی لە ئازیزەكەیەتی ...

ل 170 دێڕی 9 : ووشەی (هۆناو) نابێ و ئەبێ بنووسرێ (هووناو) واتە خوێناو ...

ل 179 دێڕی 4 : [ مەیل نەدوو ] ئەبێ بەم جەشنەبێ [ مەیل نەدەو ] ...

دێڕی 9 ، 10 :

**فەلەك داخ وە دڵ جەستەم وابەردی**
**ژاراو دووری ئازیز پێم وەردی**

لە دیوانی مەولەویداو لە ل (498) دا بەم چەشنەی خوارەوە تۆماركراوە هی (مەولەوی) یەو شێخ عومەری بیارە خواستوویەتی :

**فەلەك داخ وە دڵ خەستەمدا بەردی**
**ژار دووری گیان ئازیز پێم وەردی**

ل 187 دێڕی 3 : لە جیاتی (شەڕە جنێو) پێموایە ووشەی (داشۆرین) جێگیرترە ...

ل 19 — 192 : باسێكە دەربارەی نەژادو ژیانی عەبدوڵڵا حەسەنی شاعیر . بەلام نووسەر نەگەیشتووەتە ئەنجامێكی یەكلا ... ئەبێ ( خانمی وەسمان پاشا ) 1854 — 1924 لە هەرەتی شۆخی و جوانیدا بووبێ ، كە شاعیر هۆنراوەیەكی زۆر پوخت و جوانی پیا هەڵداوە . بەپێ ئەم شیعرە ئەكرێ ئەگەر ساڵی مردنی (1316 هـ ـ 1898 ز ) نەبێ وەك لە ژینا ژمارە [1252] نووسراوە لەو ساڵەوە نزیك بێ . خۆ ئەگەر مردنی سەید ڕۆستەمی كاكەیی كە هۆنراوەی ژمارە (4) ی (ل 208) ی لە داشۆرینی پرسەی ئەوا ووتووە لە پێش ئەو ساڵەدابێ ئەمیش بەڵگەیەكی ڕوونی بۆ ئەم بۆچوونەیە . شیعرەكان ل 191 یش كە لە كردەوەی ئەفسەرێكی تورك ئەدوێن نەك لە دووەم شەڕی جیهانیدا نەبووە كە ناوی عوسمانلی هەر نەماوە بەڵكو لە یەكەم شەڕی جیهانیشا نەبووە (سێواس تەپۆلە) ش كەوانەوە هیچ پەیوەندی بە شەڕی جیهانی یەكەم و . دووەمەوە نییە !! بۆ چوونەكەی مامۆستا ( محەمەدی مەلا كەریم ) یش لە هەمان بەروارەوە زۆر دوور نییە ... كەواتە ئەتوانین بڵێین ئەم عەبدوڵڵا حەسەنە كە مەبەستی وتارەكەیە هەر یەكێكەو ئەوەندەش بەتەمەن نەبووە لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا ژیابێ ...

سەرەڕای پارچەی (2، 3، 4) ی كتێبەكە [ ل 197 — 213 ] ئەم شیعرانەی شاعیرم هەن كە بەخەتی( مام ڕەشید هەمەوەند) نووسراونەتەوە : ـ

1 — **دەلیل لەیل نەدیت .**
**فەسڵێ تۆ ئامای توو خوا لەیل نەدیت .**

(18 ـ دێڕە) .

2 — **هاوە ئێشەوە .**
**دڵ پەی تۆ خاڵۆ ها وە ئێشەوە .**

(22 ـ دێڕە)

3 — **دەروون نەخەم كەیل**
**خاڵۆی خاطر خار دەروون نەخەم كەیل**

(17 ـ دێڕە)

4 — **میرزام جووری دێم**
**ئارۆ نە جایێ عەجەب جووری دێم**

(18 ـ دێڕە)

5 — در حق خانم عثمان پاشا گفته
( دەربارەی خانمی عوسمان پاشا وتوویەتی )

**وێش كەردەن ظهوور**
**شەخسێ نەو تەلار وێش كەردەن ظهوور**

(19 ـ دێڕە )

6 — **خاڵۆ ئەپرسی ئەحواڵی دەردم**
**شاهۆ تۆف ئەكا لەئاهی سەردم**

(30 ـ دێڕە)

هەر سێ پارچە هۆنراوەكەی ئەم شاعیرە لەپاشكۆی عیراقدا ژمارە (26) ساڵی 1979 ، هەر ئەم پارچەیەن لە پەراوێزیشا

کك محەمەد نووسیویەتی هەر سێکیان هەر یەك پارچەن ... ]

- شیرین جامی جەم
تووخوا وەس بدەر جەلای جامی جەم
( 9 ـ دێڕەو تەواونی یە )

ئەم هەموو هۆنراوانەشی بە هەمان شێوازو ڕێبازی شاعیرانی وەکو خانای قوبادی ، بێسارانی ، مەولەوی ، ..ڕشتوون و نیشانەی تواناو لێهاتنی زۆر دانسقەن ... ..گومان ئەگەر ئەم هۆنراوانە لەبەر دەست کاکی نووسەردا بوونایە ، عەبدوللا حەسەنی وەك شاعیرێکی ( تەنیا جنێو فرۆش ) بە خوێنەری کورد نەئەناساند ، بەم چەشنەش زۆر لایەنی ماف ڕەوای نە ئەشێلرا ... ئەوەتا چوار پارچە هۆنراوەی ..وورو درێژی ئەم شاعیرە پێشکەش کراون هەر چواریان داشۆرینی زۆر توندو تیژن !..

(بەڕای من) ئەم جۆرە هۆنراوانەش بۆ سەردەمی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواری ناشێن و ئەبنە مایەی دڵگیری (بەتایبەتی پارچەی1 , 3 , 4) سەرەڕای ئەمەش لە هیچ ڕوویەکەوە ئەم هۆنراوانە (نەمری) یان تێدا نییەو بۆ سەردەمێکی تایبەت وتراون !! ...

ل 197 دێڕی ـ 7 ـ : [ وە دوویەم ڕەسوول ختم المرسلين ] دیارە (دوویەم) ڕەسوول نییە (ختم المرسلين) بێ ، ڕاستکردنەوەی ووشەی (وە دوویەم) بەم چەشنەیە [ دووهەم وە ] ئیتر واتای ڕەوان و تەواوە .. ل ـ 201 ـ : بۆ شاییەکە لای من ئەم تاکەیە :

دایم وە بابی وەکو دێڵە شێر
هەتیوان تێت نێن عەسای هەموو ...

ل 202 ذێڕی — 5 — : [ سرودنی کردگی پاژونت ! پێوە ] بەڵێ ئەم تاکەش ڕوون و ساخ نەکراوەتەوە ، ڕاستییەکەی بەم جۆرەیە :

[ سەربەندی کردووی پاشبەندی ] پێوە ... دێڕی — 9 — : [ مری سر دوری پارە دسینی ] ئەمیش بەم چەشنەیە :

[ مەڕێ سەردەوڕی پارە دەسێنی ]

« سەردەوڕی : سەردەبڕی »

دێڕی — 16 — : [ بوشیای ! ] نەبی ... ڕاستکردنەوەی بەم جۆرەیە :

[ بەوشیای ] نەبی ، واتە شیاوی ئەوەنیت بەوبی یا لەوِ بچیت ...

ل 204 دێڕی — 6 — : دوای ئەم دێڕە لای من دوو تاکە هۆنراوە هەن و لێرەدا نین ...

دێڕی — 7 — : [پیستکە] (پێتان دەوێژی) هیچ واتای ڕوون نییە ... ڕاستییەکەی بەم چەشنەیە : ـ

[ بیستگمە بەیتان دەوێژی ]

ل 205 دێڕی — 7 — : لە جیاتی ووشەی (عالەم) (عام) ڕاستترەو لەنگی تاکە کەش نامێنێ ... دێڕی — 18 — : [ مووساییچ هەیە خودایش دەناسن ] بەم چەشنە ڕاستترە :

[ مووسایی هەموو خوا دەناسن ]

ل — 207 — : لە کۆتایی دوا دێڕا تاکێك لە دەسنووسەکەی منا هەیەو لێرەدا نییە ... ل 208 دێڕی — 6 — :

[ دوساخە نیەن وەیلو زەمهەریر ]

واتاکەی پێچەوانەیە ساخکردنەوەی بەم چەشنەیە :

[ دو ساخەن (نەبەین) وەیلو زەمهەریر ]

ل 210 دێڕی — 11 — : (بەیوێش) نابێ (بەوێش) ڕاستە هەر لە دێڕی دوای ئەمە نووسراوە (وێش) ...

دێڕی 19 , 20 :

بەر سمێڵ وە پیو بەراز [گل نایەك ]
جینس خوانکێ هەتیم [ کل کایك ]

هەر دوو ناوکەوانەکە بەم چەشنە بن ، جا واتایان هەیە :

[ هەنیو یایگ : چەورکراو ] ، [ کەل گایك ] ل 212 دێڕی — 3 — : کە بۆ شاییە کە بنووسرێ وای لێ دێ .

ئیسم مەنشووری (سەید ڕۆستەم) بی

دێڕی — 15 , 16 — : کە بۆشەو دیارە لە بەیازەکەدا یا نەماوە یا ساخ نەکراوەتەوە ئەوەندە توندو تیژو بێ پەردەیە ( بە باشم نەزانی تۆماری بکەم ) ..

ل 213 دێڕی 3 , 4 : هەردوو ووشەی ناو کەوانەکان ساخ نەکراونەتەوە [پستە] ، قستە بەم چەشنەن [پەتە] ، [قوتە] ...

دێڕی — 10 — : دەم لە سمێل (کەم) ... ئەبێ بنووسرێ (گم : ون) لە پەراوێزا کاکی نووسەر نووسیویەتی :

( ... بەلام ئەم پارچە ناتەواو دیارە ... )

بەڵێ ناتەواوەو لەهۆنراوەکەی لای منا کە لە بەر دەسنووسی کاک ئەحمەد حەمکول نووسیومەتەوە (44) تاکی تر بە دوای دوا دێری کتێبەکەدا دێن و بەم چەشنە قەسیدە کە تەواوە

ل ـ 217 , 218 — : ڕاستە ئەم هۆنراوەیە هی وەلی نییەو هی (مەجذووب) ە . زووترو دوای گەشتی ژمارەکانی ژین لە پاییزی (1979) داو پێش ئەوەش لە دەسنووسێکی مامۆستا سەید طاهری هاشمیدا ئەمەم بۆ ساخبووەوە . لە بەشی دووەمی وتارێکما بەناوی ( هۆنراوەی هەندێ شاعیری شێوەی گۆران لە دیوانی پیرەدمێردی نەمردا ) ئەمەم زۆرتر ڕوون کردۆتەوە . ئەم وتارەم بەر لە دووساڵ و نیو پێشەش کردووە . بەشی یەکەمی لە ژمارە (79) ی بەیاندا بڵاوکرایەوە ، بەشی دووەمیشی لە زووەوە چاوەڕێیە ..

ل 218 دێری —6— : بۆ سەرەوای هۆنراوەکەو واتاکەشی نایێ ووشەی (پەیوەس) دووبارە بێتەوە جا لە جیاتی (پەیوەس) ڕاستتر وایە بنووسرێ (دەس دەس) ...

دێری —11— : لەنگە یا ئەوەیە لە جیاتی (پای) ئەبێ (پایی) بێ یا ووشەیەك دوای (پای) نەنووسراوە وەك ووشەی (پاك) كە لە دیوانەكەی (وەلی) دا نووسراوە ...

ل 219, 220 : هۆنراوەی (جەلای لەیلەوە) ، (11) دێرە ، لە پەراوێزیشا ئەم تێبینییە نووسراوە ( ئەم پارچە شیعرە نازانم شیعری کێیەو وایش دیارە لە کۆتاییەکەوە بەشێکی لە ناوچوە ) ، لە هەمان دەسنووسە دێرینەکەی مامۆستا خالدا ئەم هۆنراوەیە هی (بێسارانی) یەو بریتییە لە (17) دێر . ئەبێ ئەوەش بڵێم کە هۆنراوەی کەشکۆڵە چاپکراوەکە زۆر پاش و پێشی تیایەو واتاکەی پچڕ پچڕ بووە ...

ل 220 دێری —1— : [ واچە بو نیشان روشو جە پیوار ] کە لە پەراوێزیشا بۆی ساخ نەکراوەتەوە ، بەم چەشنەیە :

**[ واچە بەو نیشان ئەو شەو جە پێوار ]**

واتە ( بڵێ بەو ناوو نیشانەی ئەو شەوە لە پەناوە )

دێری —8— : (دەسنە بەست) ، (دەستە بەست) ڕاستە ...

لە پەراوێزا نووسراوە :

« دەبێ (هەردی) کاتی خۆی ئەم شیعرانەی دیبێ ؟ » .

نووسەر ئامارەی هیچ هۆنراوەیەکی (هەردی) ی نەکردووەو ڕوونیشی نەکردووەتەوە مەبەستی چییە !!.

ل 221 : ئەم هۆنراوەیەش (جەبەیانەوە ) لە دەسنووسە دێرینەکەی مامۆستا خالداو لە دەسنووسێکی مامۆستا نەجمەدین مەلادا هی (بێسارانی) یە ... لەم دەسنووسانەدا هۆنراوەکە بریتییە لە پێنج دێرو لە کتێبەکەدا چوار دێرە . دوا دێری دەسنووسەکانیش بەم چەشنەیە :

**[مستەفا] هەتا سەر نیانەوە**

**هەرهاوە حەسرەت ئەو بەیانەوە**

مستەفا : ناوی (بێسارانی) یە ...

وەك ئاگادارم نووسەر زۆر بە وردی بە دوای سەرچاوەدا ئەگەڕێ ، جا زۆر پێم سەیرە کە سەرنجی هاوکاری ژمارە [311 ڕۆژی 1976/4/1 ] ی نەداوە کە باسی سەرچاوەو ساخکردنەوەو ڕاستکردنەوەی هۆنراوەی ناو براوم نووسیوە .

ل 227 — 236 : (9) نۆ پارچە هۆنراوە بەناوی (مەلا میکایل) ەوە تۆمار کراون بێجگە لە پارچەی (7,5) ئەوانی تر لە دەسنووسی مامۆستا سەید طاهری هاشمیدا بە ناوی بێسارانییەوە تۆمار کراون . سەرەڕای زۆربەی هۆنراوەکانی بێسارانی بەهەمی زۆری مەلا میکایل لای مامۆستا سەید طاهرە . بێگومان دوای تەتەڵەو بژارکردنی زۆر ئەو شیعرانەی بەهی بێسارانی ناسیون هەردوو پارچەی (7,5) یش هەر هەمان شێوازو شێوەو ڕێبازی هۆنراوەی بێسارانییان هەیە . شایانی وتن و بەڵگەیە کە پارچەی (6,2) یش لە هەمان دەسنووسە دێرینەکەی مامۆستا خالدا ل (بە ناوی بێسارانییەوە تۆمار کراون ... هەروەها لە جێی خۆیایەتی کە بڵێم لە پاییزی (1979) داو چەند لاپەرەیەکی لێك هەڵوەشێنراوی مامۆستا (مەلا حەمە ئەمینی مەلا عبدالله ) ی مەریوانیدا کە لە (1355) دا نووسیبووتیەوە ، ئەم (9) پارچە هۆنراوەیە هەر بە هەمان وێنەی ناو کەشکۆڵەکە یەك لە دوای یەك و بەڕیزو بەهەمان دەستوور بۆ (مەلا میکایل) تۆمار کراون . دڵنیام کە دەسختەتی ناوبراوو سەرچاوەی ئەم نۆ پارچە هۆنراوانەی ناو کەشکۆڵە چاپکراوەکە هەردووکیان لە یەك سەرچاوە وەرگیراون ...

ل 227 دێری —1 , 2— : ووشەی (سارای) لێرەدا واتای هۆنراوەکە ئەگۆڕێ . ڕاستیی ئەم ووشەیە بەم چەشنەیە (ساوای) [هنفتە] کە ساخ نەکراوەتەوە بەم چەشنەیە [ نەهوفتە : شارراوە ، پەنهان ] . لە بەرگی یەکەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا لە نووسینی برای نووسەر ل 59 حافظ لە نیوە دێرێکا ئەڵێ : ـ

[ این راز که در دل (بنهفتم) بدر افتاد ]
ـ 228 دێڕی 4 : لەجیاتی (پشتان) ، (پەشتان) ڕاستترە ...
ـێڕی — 8 — : لەجیاتی (نارەوابیم) ، (نارەوایی) ڕاستترە ...
ـێڕی — 10 — : بۆ شاییەکە ووشەی (غەزەب) ە
ـ 229 دێڕی — 6 — : (موژەی مەست) دروست نییە چونکە موژە
ـبرژانگ) مەست نابێ (دیدەی مەست) دروستترە ...
ـە دوای دێڕی — 8 — : لە دەسنووسەکەی منا تاکێك هەیەو
ـێرەدا نییە ئەمەش ئەو تاکەیە :

**قیبلەم ئەر مەیلت مەندەت (جەلامان)**
**ـسلوەس پەردەی دڵ بدەر (وەدامان)**

لەجیاتی هەردوو ووشەکانی کەوانەکان نووسراویشە
جەدڵدا) ، (وەچڵدا) ...
ـ 230 دێڕی — 1 — :
[ قیبلەم تو (ئامای) وە (جامەی) ... ] ساخکردنەوەو
تەواوکردنی تاکە بەم چەشنەیە :
[ قیبلەم تۆ (نامای) وە (جامە) (نیان) ]
واتاکەشی بەم چەشنەیە :
[ قیبلەم تۆ نەهاتی بۆ جاو تەنین ـ نانەوە ]دێڕی — 4 — : لە جێی (گەرتەن) ئەبێ بنووسرێ (گرتەن) .
دێڕی — 6 — : (مکێشیو) ئەبێ (مەکێشەش ) بێ بەواتای ڕای مەکێشە ...
لە دەسنووسەکەی منا دوای ئەم دێڕە دێڕێك هەیەو لێرەدا نییە کە بەم چەشنەیە :

**نەڕێسمانەء، ئاسپی تەنی**
**ڕیشەی گیانمەن مەکێڵوت چەنی**

بەواتای : « ئەو تاڵە سپییە تەنراوانە ڕێسمان و ڕێسراونین بەڵکو ڕیشەی گیانمە لە گەڵتا دێت و ئەم سەر و ئەو سەر ئەکا ! »
کۆتایی ئەم هۆنراوەیەش دێڕە شیعرێکە کە لە کتێبەکەدا نییەو لای من بەم چەشنەیە :

**قیبلەم تۆ نامای جامەی نۆتەنی**
**ئامای مەزارێ پەرەی من کەنی**

« قیبلەم تۆنەهاتی جاوی تازە بتەنی ، بەڵکو هاتووی گۆڕێ بۆ من هەڵکەنی ... »
ل 231 دێڕی — 7 — : (ئەروەردوو) واتای نییە ، ئەبێ بنووسرێ
[ ئەروەردوّ : ئەگەر بەربداتەوە ]
دێڕی — 10 — : (موەرشان) ئەبێ بوترێ (مەورەشان : ئەفرۆشن) ...
ل 232 دێڕی — 4 — : ووشەی (نیا) ئەبێ بنووسرێ (بنیا) .
دێڕی — 10 — : (داخم نەمەندەن) واتە (داخم نەماوە) ئەبێ بوترێ (داخم نەمەندا : داخم نەمایە ) .. سەراپای هۆنراوەکە ئاواتی بەدی نەهاتووە ، ڕاستکردنەوەی هەردوو ووشەکەش هەروا ئەبێ ...
دێڕی — 12 — : (بەمەردەنی) ، (پەی مەردەنی) دروستترە ...
ل 233 دێڕی — 7 — :
[ (ئەگەر) خوداوەند (نەکەرۆ) کارێ ]
واتای هۆنراوەکە ئاوەژووو شێواوە ... ئەبێ بەم چەشنە بنووسرێ :
[ (مەگەر) خوداوەند (بکەرۆ) کارێ ]
ل 236 دێڕی — 5 — : ووشەی بۆشاییەکە بەم چەشنەیە : (بەدیی) ...
دێڕی — 8 — : ساخکردنەوەی ووشەی (بدان) بەم جۆرەیە :
[ بەدان : نەیاران ، ناحەزان ]
دێڕی — 10 — : (گەرۆپێت) ووشەی (گەرۆ) واتا نابەخشێ ، ئەبێ بوترێ (گێرۆپێت) ، بەواتای (بتگرێ)

بەم چەشنەو بەپێی بۆچوونی خۆم ئەم سەرنجانەم لەپێناوی خزمەتکردنی ووشەی کوردیدا پێشکەش کردن لە هەمان کاتیشا ئاواتە خوازم برای بنووس سەرکەوتووتربێ ...

سەرچاوەکان


1 — محەمەد عەلی قەرەداغی ، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ، بەرگی یەکەم و دووەم .
2 — مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس ، دیوانی مەولەوی .
3 — مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ : دەسنووسێکی دێرینەی .
4 — مام ڕەشید هەمەوەند ، سێ دەسنووس بەخەتی خۆی .
5 — دیوانی بێسارانی ، دەسنووسی لای خۆم .
6 — مەلا حەمەئەمینی مەلا عەبدوڵلای مەریوانی ، دەسنووس .
7 — کەیومەرث نیك ڕەفتار ، دیوانی بێسارانی ، بەرگی یەکەم .
8 — محەمەد حەمکول ، دەسنووسێك بەخەتی خۆی .
9 — عەبدوڵلا ئەحمەد ئیسحاق ، دەسنووسێکی دێرینەی .
10 — عوسمان هەورامی ، دیوانی وەلی دێوانە ...